# تۆڵە و توندوتیژی - ژنی کورد لەشەڕ دەدوێ

ن: شەهرزاد موجاب
وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: پەری شاکەل

کوردەکان گەورەترین نەتەوەی بێ وڵاتن لە جیهاندا. ئەوان بە زۆر بەسەر وڵاتانی دراوسێیاندا (تورکیا، ئێران، عێراق و سوریە) وەکو سەرئەنجامێکی کۆتاییهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی، دابەشکراون. بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردستان یەکێک لە درێژخایەنترین بزووتنەوەکانی مێژووی نوێ بە ئەژماردێت. ئامانجی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی دیکەی جیهان، مافی چارەی خۆنووسین بووە، جا بە شێوەی وڵاتێکی سەربەخۆ بووبێت یان ئۆتۆنۆمی. ئەم بەربەرەکانییە بۆ مافی چارەی خۆنووسین لە پێشدا رووبەرووی چوار میللەت/ دەوڵەتی ئێران، عێراق، تورکیا و سوریە بووەوە، بەڵام ئەمە زۆربەی زلهێزەکانی رۆژئاوایشی گرتەوە و بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی بریتانیا، فەرانسە و هەروەها ژمارەیەک فاکتەرە ناوچەییەکان، وەکو رێکخراوە سیاسییەکان و چینە جیاوازەکانی وەکو زەویدار، جوتیار، کرێکار و بۆرژوا شارستانییەکان.

پیاوان بە شێوەیەکی زۆرتر بزووتنەوەی نەتەوایەتییان دەستپێکرد، بەڵام ژنانیش بە شێوەی جۆراوجۆر بەشدارییان کردووە و رۆڵی جیاوازیان گێڕاوە. ئەم رۆڵە جیاوازانە شێوەی بەرچاوی بە خۆوە گرتووە؛ لە بەشداریکردنی کەم، ناگرنگ و نادیار هەتا بەشداری چالاکانە لە شەڕ و سیاسەتدا.

لە دوو دەیەی دوایی سەدەی بیستەمدا ژنان بە شەرکەرە گەریلاکانی دژ بە حکومەتەکانی تورکیا و ئێرانەوە پەیوەست بوون، چوونە نێو سیاسەتی پارلەمانەوە،

گۆڤاریـــان دەرکـــرد و ڕێکخـــراوی ژنانیـــان بنیـــات نـــا. هـــەرچـــەنـــدە بزووتنـــەوەی باوکسالاری نەتەوایەتی خەباتی بۆ یەکسانی کـردە قوربـانی بـۆ درێـژەپێدان و پێداگرتن لەسەر خەبات بۆ مافی چارەی خۆنووسین.

نەتەوەپەرستەکان ژنان وەکو قارەمانانی گـەل، درووسـتکەرەوەی گـەل، پارێزگـاری "دایکی وەتەن"، "شـەرەفی گەل" و پاسـەوانی کەلتور و میراتی نەتەوەیی و زمانی کوردی، پێناسـە دەکـەن. مـەسـەلـەی کـورد لـە پێناسەکردنی ژنان یاخود بەکەمگرتنی مافی یـەکسانی لـە داهـاتوودا، هـیچ جیاوازییـەکی لەگەڵ بزووتنەوە نەتەوەییەکانی دیکەدا نییە

لـەوانـەیـە بگوترێـت جیـاوازی نێـوان مەسـەلـەی کورد و مـەسـەلـەکانی دی، هـۆی توونـدوتیژی یـان گوشـاری نـەتـەوەیی بێت. کـوردەکـان تووشـی بـەکۆمـەڵکـوژی، پاککردنەوەی ڕەگەز، لەنێوبردنی زمان و بیر و بـاوەڕ بـوون. ئـەمـەش بـەو واتایـە کـە کوشـتنی زمـان و فـەرهـەنگیـان بـە شـێوەی پلانێکی داڕێژراو بووە. من ئـەمـە بـە شـەڕی دەرەکـی نـاو دێـنم، واتـە شـەڕێـک کـە سەپێندراوە بەسـەر گشت کورددا؛ پیاو، ژن و منـداڵ لـەلایـەن هـەر چـوار نـەتـەوە / وڵاتەکانەوە کە بە زۆر کوردەکانیان خستۆتە نـاو چوارچێوەی دەوڵـەتـەکانی خۆیـان. ئـەم وڵاتانـە هـەردوو شـێوەی توونـدوتیژی بەکاردەهێنن (فیزیکی و سیمبۆلی)، بۆئـەوەی کـوردەکـان لـەنـاو میللـەتـە بـاڵادەسـتەکانـدا بتوێننەوە. بۆ نموونـە تورکیا کوردەکانی بـە "تـورکی کێـوی" نـاو نـاوە و ناوچـە کوردییـەکـەش بـە باشـووری ڕۆژهـەڵاتـی١ ناودەبات.

لە هەمان کاتدا شەڕێکیتر دەسپێکردووە دژی ژنـان نـەک لـەلایـەن دەوڵـەتـەوە، بـەڵکو زیاتر لەلایـەن ئـەندامـە نێرینـەکانی نـەتـەوەی کورد من ئـەمـە نـاو دەنێم "شـەڕی نـاوەکی دژی ژنان". ئەم دوو شەڕە، شـەڕی دەرەکی و نـاوەکـی، بـە شـێوەیـەکـی زۆر ئـاڵۆز بەیەکەوە گرێدراون.

ئـەگـەر تورکیا نکـۆڵی لـە بـوونی کـورد دەکات و بەرەنگاری ئەوان قەبووڵ ناکات و بە بەرەنگاری تایفەگەریی و دواکەوتوویی و تیرۆریستانەی لەقەڵەم دەدات، زۆربەی کوردە نەتەوەپـەرستەکان نکۆڵی لە بوونی گوشـار لـەسـەر ژنـان لـەنـاو کۆمـەڵـی کوردەواریدا دەکەن. لـەوەش خراپتر، ئـەوان ئـەڵێن ژنـانی کورد لە میللەتە دراوسێیەکانی سـەربـەسـتی زیـاترە. ئـەم ئـەفسانەیـەی کـە ژنـانی کـورد جیـاوازن لـەوانـی دی، پێداگرتنی جیهـانی نـەتـەوەپـەرسـتەکـانی یاسـایی کـردووە کـە دەڵێن: "نابێت یـەکێتی نـەتـەوە لـەلایـەن ئـەو گرفتـە نـاوخۆیییانـەی کـە بنـەماکـەیـان چینایەتی یا ڕەگەزییە بخرێتە بەر مـەترسی." هـەرچـەنـد بـوونی پیاوسـالاری دانـی پێدا هێنـدراوە، بـەڵام ئـەمـە بـە گرفتـی پلـە دوو لەلایەن نەتەوەپەرستەکانەوە دادەنرێت.

بە واتایەکی دی، لە کاتێکدا درووشم لە بارەی یەکسانی ژن و پیاو لە بۆنە سالانەکاندا و بەتایبەتی٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژن بەرزدەکرێتەوە، هیچ پێویستییەک بە زانیاری فیمینیستی، ڕێکخراوەی فیمینیستی وڕێکخراوەی سەربەخۆی ژنان نابینرێت.

ڕێکخراوە نەتەوەییە کوردییەکان لە ١٩٥٠کانەوە ڕێکخراوەی ژنانیان هەبووە، کە بەشێوەیەکی گشتی وەکو جوانکارییەک یان کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ پیاوان دامەزرابوون. ئەوپیاوانەی کە ڕێبەرایەتی بزوتنەوەی نەتەوایەتی دەکەن.

لەساڵی ١٩٨٠ەوە، دوو ڕێکخراوەی سیاسی دەستیان بە وەرگرتنی ژنان بۆ ناو لقە سەربازی و سیاسییەکانیان کرد. یەکیان پارتی کرێکارانی کوردستان، کە بە PKK ناسراوە، ئەوی دی کۆمەڵەیە کە بەشێک لە لقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی ئێران بوو. کاری ئەم دوو ڕێکخراوە بەڵگەیەکی زۆر دەدا بەدەستەوە لە بارەی چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ژناندا. لەم بابەتە و لێرەدا من باسی کار و سیاسەتی کۆمەڵە دەکەم. لەکاتێکدا کە نووسین لە بارەی نەتەوایەتی کوردی بە چۆنیەتی و چەندێتییەوە پەرەدەسێنێت، لێکۆڵینەوەکان لایەنە جێندەرییەکانی شەڕی بە تەواوی پشت گوێ خستووە. ئەو لایەنە جێندەرییەی کە تیایدا ژنان ڕووبەڕووی ئاگری توندوتیژی هەردوو شەڕی ناوەکی و دەرکین. ژنانی کورد لە ناو ئەدەبیاتە فیمینیستانەی کە ڕوو لە زیاد کردنن باسی ژن و شەڕ دەکەن. بۆ نموونە؛ **لە مافی ژنانی مافی مرۆڤ: تێڕوانینی نێونەتەوەیی فیمینیستی** ( Peter and Walper) ئاماژە کراوە کە نە هیچ سەرچاوەیەک لەسەر ژنانی کورد هەیە و نە هیچ کۆکراوەیەکی نوێیش لەبارەی "ژنان و خوێنەرانی شەڕ" ( Leorentzen and Turpin).

ئەو ئەدەبیاتە سنووردارانەی کە لەلایەن گرووپی ژنانی کوردی یان ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان بەرهەم هاتوون، بە تایبەت لە عێراق و تورکیا، پتر جەختیان لە سەر دوو لایەنی شەڕ و ژن کردبوو. جەنیفەر تورپین لەم بارەوە و لە دەقێکی دیکەدا بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: ژن وەکو بێچارەی ڕاستەوخۆ یان ژن وەکو ئاوارەی شەڕ، لە کاتێکدا کە ژن چ وەکو بێچارەی شەڕ یان ئاوارەی شەڕ گەورەترین سیمای کراوە و بینراوی شەڕ پێکدێنن، لە هەمان کاتدا بە شێوەی جۆراوجۆر شەڕ ژیانی ژن تێکدەدات. بۆ نموونە، تورپین درێژەی پێدەدات: "توندوتیژی جنسی دژی ژنان لە کاتی شەڕدا، توند و تیژی بنەماڵەیی لە کاتی شەڕ، هەڵوەشانی شیرازەی خێزان، لەدەستدانی کار، کۆمەڵ و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان."

لە لێکۆڵینەوەیەکمدا لەسەر ژنی کورد و شەڕ، لەسەر یەکێک لە شەڕە ناوەکییەکانم نووسیوە. ئەویش "کوشتنی ناموسییە" کە لەژێر "ناوچەی دژەفڕین" کە لەلایەن هێزە یەکگرتووەکانی شەڕی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ لە کوردستانی عێراق دروستکرا، ڕوودەدا. لە درێژەی ئەو شەڕەدا، وڵاتە یەکگرتووەکان کوردەکانی عێراقی بۆ ڕاپەڕین دژی ڕژێمی سەددام حوسەین هاندا. بەڵام کاتێک ئەوان ڕاپەڕین، واشنتۆن پشتگوێی خستن. لەشکری عێراق ئەودەم دەستی ئاوەڵا بوو بۆ بەکارهێنانی زەوی و ئاسمان دژی کوردەکان. دوو ملیۆن خەڵکی ناچار کرد کە ئاوارەی شاخەکان بن و ببێتە هۆی مردنی دەیان هەزار خەڵک بە هۆی سەرما و برسیەتی. ئامانجی ئەمریکییەکان لە پێکهێنانی "ناوچەی دژەفڕین" گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ناوماڵەکانی خۆیان و پارێزگاریکردنی ئەوان بەرامبەر زۆرداری عێراق بوو. لەژێر پارێزگاری وڵاتە یەکگرتووەکان، بریتانیا و فەرەنسادا، کوردەکانی عێراق حوکومەتێکی ئۆتۆنۆمییان پێکەوە نا و ناویان نا "حکومەتی هەرێمی کوردستان". بارودۆخی شەڕی ناوخۆ درێژەی بە وێرانکردنی ژیانی خەڵکی ئەوێ دا. لەو بارودۆخەدا توندوتیژی دژی ژن بە شێوەیەکی ئازادانە و بە بەردەوامی پەرەی سەند. یەکێک لە ڕووە ئاساییەکانی ئەم توندوتیژییە "کوشتنی ناموسی" یە. چۆنیەتی گۆڕانی "ناوچەی دژە فڕین" بە قەسابخانەیەک بۆ ژنان بەم شێوەیە ڕوون دەکەمەوە: هێزی فرە و فراوانی ناوچەیی، هەرێمی، نێونەتەوەیی- بە هەموویانەوە بەشدارن لەو تاوانانەی کە لە ئاستی جیاواز و بە شێوەی جیاواز ڕوو دەدەن.

ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ئەو سەرئەنجامە شاراوانەی کە شەڕ لەسەر ژنی کورد هەیەتی. ئەم بابەتە لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی تۆڵە و توندوتیژین کە دژی ژنان کروان. ئەو ژنانەی کە سیاسیانە چالاک بوون، یان خێزانی پێشمەرگە بوون. ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە هەندێک پرسیار بخەنە ڕوو: چی بەسەر ژنی پێشمەرگە دێت کە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دوژمن دەمێنێتەوە لە کاتێکدا مێردەکەی شەڕ دەکات یاخود پەنا دەباتە ناوچە شاخاوییە دوورەکان؟ چلۆن لەلایەن بنەماڵەی خۆی و ماڵی خەزووران و هێزەکانی ئاسایشەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت؟ چی بەسەر مناڵەکانیاندا دێت؟ چۆن باری ئابووری خۆی و مناڵەکانی دابین دەکات؟ ژیان پاش یەکگرتنەوەی لەگەڵ مێرددا چۆن دەبێت؟ کارلێکی ئەو چەند ساڵ دووری و جودابییە لەسەر ژیانی ژنومێردایەتی و مناڵەکان چۆنە؟ کارلێکی جێڵەق بوون لەناو هەرێمەکەدا یا لە دیاسپۆرا (تاراوگە) دا

چییە؟ ئەمە پرۆژەیەکی درێژخایەنە و کۆکردنەوەی زانیاری پێویست هێشتا تەواو نەبووە و هەروا پرۆژەکە زۆر لایەنی تیۆری و میتۆدۆلۆژی بێ وەڵامی خستۆتە ڕوو. بۆ بەربڵاوکردنەوەی ئەم لێکۆڵینەوە داوای یارمەتی زۆرتر کراوە.

بناغەی ئەم شیکردنەوەم لەسەر ژیانی ژنی کورد کە بەشدارییان لەم لێکۆڵینەوەدا کردووە، داناوە. چیرۆکی ژیانی ژن زۆر ڕووی توندوتیژی دەخاتەڕوو. هەندێکیان ژنانی خوێندەواری شارین کە بە شێوەیەکی چالاکانە بەشدارییان لە بزووتنەوەی ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی ئێراندا لە درێژی ساڵەکانی ٧٠ و ٨٠ کاندا کردووە. ئەوانی دی ژنانی جوتیار و هەژار بوون کە هەرگیز بەشدارییان لە بزوتنەوەی نەتەوایەتیدا نەکردووە و هەرگیزیش نەخراونەتە بەرخوێندن، نە بەزمانی دایکی و نە بە هیچ زمانێکی دیکە. ژیانی ئەو ژنانە لەگەڵ ئەوەشدا، لە خاڵێکدا هاوبەشن و دەچنە یەک خانەوە. ئەوان بە ویستی خۆیان بێت یان نا، شوو دەکەنە شەڕکەرانی ڕێگەی ئازادی کە سەربە هەمان ڕێکخراوەی سیاسین. ئیتر لەو کاتەوە لەشیان، دەروونیان، ئارەزووەکانیان و خەوەکانیان دەبنە بەرەی شەڕ و توندوتیژی ناوەکی و دەرەکی.

لێرەدا دەتوانم تەنیا یەک بەسەرهات بگێڕمەوە. بۆ دڵنیایی لە نهێنی ناوی ژنەکان، هەموو ناوی کەس و شوێنەکان لە تاراوگەدا گۆڕاون. ژنەکان لێرەدا بە ناوی ئەستێرە ناونراون بە کوردی. ئەستێرە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردستانی ئێران. ئەستێرە هێمای " بوون، بەردەوامبوون، پرشنگداربوون، هیوا و نەرمی"یە؛ ئەمانە نیشانەی کەسایەتی و سروشتی زۆربەی ئەو ژنانەن کە وتووێژم لەگەڵ کردوون بۆ ئەم پرۆژەیە. لێرەدا تەنیا ناوی شوێنەکان لە کوردستان ڕاستەقینەن، ئەوەیش بۆ ئەوەی چیرۆکی ژیانیان ببێتە بەڵگەنامە.

**زوحەل ژیانی لەدەستچوو:**

بەشێوەیەکی تایبەت هەست دەکەم کە بەستراوم و بەشێکم لە ژیاننامەی زوحەل. هەرچەندە پێش وتوێژەکە ئەوم بە ناو نەدەناسی، بەڵام هەردووکمان شایەتی هێرشەکانی حکومەتی ئیسلامی بووین بۆسەر شاری سنەی سەر بە کوردستانی ئێران. هەردووکمان لەو دەمەی کە ناسراوە بە "٢٤ ڕۆژی بەرەنگاری" بەهاری ١٩٨٠ لەناو شاردا بووین. کاتێ بۆ یەکەم جار لە ماڵی خۆی چاوم بە زوحەل کەوت، یەکسەر ناسیمیەوە. چونکە من ئەندامێکی چالاکی لقی سەربازیی کۆمەڵەی ژنان بووم. ئێمە وتوێژەکەمان بە وەبیرهاتنەوەی ژنەکانی دی و پرسیارکردن کە چی بەسەر ئەم و ئەودا

هاتووە، دەستپێکرد. بیرهاتنەوەی ئەوانە ناخۆش بوون؛ زۆربەی ئەو هاوڕێیانەی کە گیرابوون، ئەوانەی کە ئاخنرابوونە بەندیخانە، ئەشکەنجە درابوون یان لە سێدارە درابوون. لەم ١٩ ساڵەی دواییەدا هەوڵمداوە ژیانی ژنانی وەکو زوحەل بێنمە پێش چاوم، پاش ئەوەی کە ئەرتەش شارەکەیان داگیرکرد.

بە ڕوونی ئەو شەوەی کە شارم بەجێهێشت لە یاد؛ دوو ڕۆژ پێش ئەوەی کە گروپی بەرەنگاری شاریان چۆڵ بکەن، من بەشێک بووم لەو گرووپەی کە دەبووایە پێشمەرگە بریندارەکان لە نەخۆشخانە ناوچەییەکان دابمەزرێنێتەوە. ئێمە دەمانزانی ئەو دەمەی ئەرتەش دێتە ناوشار، پێشمەرگەکان دەبنە یەکەم قوربانی. هەموو ئەو شەوە و ئەو چەند ساڵەی پاش ئەوەیش دەمویست ژیانی شار پاش داگیرکردنی لەلایەن ئەرتەشەوە بهێنمە پێش چاوم. وتوویژەکەم لەگەڵ زوحەل یەکەمین هەل بوو کە بتوانم لەگەڵ ژنێک قسە بکەم کە لەناخەوە متمانەم پێی بێت و بۆم دەرکەوێت کە چی بەسەریدا هات پاش ئەوەی ئێمە، ئەندامانی بزوتنەوەی بەرەنگاری ئەوێمان بەجێهێشت.

زوحەل مامۆستای قۆناغی ئامادەیی (دەبیرستان) بوو. شووی بە پێشمەرگەیەک کردبوو. ئەویش مامۆستا و لەلایەن فێرخوازکانییەوە خۆشەویست و مرۆڤێکی ناسراوی شار بوو. هێندەی بەسەر زەماوەندەکەیان تێنەپەریبوو کە زوحەل بۆی دەرکەوت "سیاسەتیش هاوجێگەیەتی" مێردەکەی ئەوی تەنیا وەکو "هاوڕێی سیاسی دەبینی نەک هاوڕێی ژیان". لەدایکبوونی یەکەمین و تەنیا کوڕەکەیان، پەیوەندییەکەیانی گرژتر کرد. داواکارییەکانی زوحەل بۆ پتر ئاگاداریکردن و دابەشکردنی کاری ڕۆژانەی ناوماڵ و ئامادەکردنی ماڵەکەیان بۆ منداڵەکەیان... هتد وەکو " شتێکی قەبووڵ نەکراو و مایەی شەرم دەژمێردرا" بەتایبەتی و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هێرشەکانی دەوڵەت لەسەر شارەکە توندوتیژ بوو. زوحەل دێتەوە یادی:

"من هەستێکی زۆرم بە تاوان دەکرد. نەمدەتووانی تێبگەم کە چ هەڵەیەکم کردووە؛ چ خەتایە لە من ڕوویداوە. منیش مامۆستا بووم. دەمتووانی باڵادەستی هەستی نەتەوایەتی لە نێو فێرخوازەکانمدا ببینم، تەنانەت لەنێو ئەو هەوایەی هەڵمانەدەمژی. بۆ خاتری خوا...، منیش نەتەوەپەرست بووم! ماڵی خەزورانم لەگەڵم ڕووترش بوون. ئاستم بۆ ژنێکی ماتریالیستی، خۆپەرست کە هەر خۆمم پێ گرنگە، هاتبۆوە خوارەوە. تووشی خەمۆکی ببووم."

کوڕەکەی زوحەل لەو یەکەمین منداڵانە بوو کە لە کاتی شەڕدا لە دایک ببوو.

بارودۆخی شەڕ خۆشی بەدنیاهێنانی کوڕەکەی لەلا نەهێشت. هەرچەندە کوڕی ببوو، بەڵام ماڵی خەزورانی لێی بێزاربوون. بۆ خۆیشی بێزرابوو لە دەزگا ئیدارییەکان و نەخۆشخانەیەک کە هیچی تێدا نەبوو. دیسانەوە دێتەوە یادی:

بەدنیاهێنان هەمیشە وەکو بارێک لەسەر ئەستۆی سیستەمێک دەبینرا کە بە شێوەیەکی بەردەوام دەیناڵاند بەدەست کەمی پەرەستار، دوکتۆر، دەرمان و هتد. هەستم دەکرد لەژێر دوو گوشار دام، گوشاری ڕۆڵی پڕ لە شانازی بوون بە دایکێکی کورد، هێمایەک بۆ خۆبەختکردن و پاکی میللەت. هەروا گوشاری ژنێکی بێکەڵکی خۆپەرست کە تەنانەت خۆمیش نەمدەتوانی بیناسمەوە."

هەر بە زوویی، ئەو کاتەی کە مێردەکەی لەگەڵ سەدان خەڵکی دی شاریان بەجێهێشت و ڕوویان کردە شاخ، زوحەل بە تەنیا لەگەڵ کوڕەکەی بەجێما. مێردەکەی بۆ ماوەی چەند ساڵێک نەدیت. ئەمە ئەو بیرەوەریانەن کە پاش هاتنە ناوشاری ئەرتەش دێنەوە یادی زوحەل: دەزانی، نزیکی کۆتایی بەهار بوو. فێرگەکان داخرابوون. مانگانەم نەبوو، چونکە دەوڵەت ڕایگەیاندبوو کە کاتی بۆ ناساندنەوەی دژە شۆڕشەکان پێویستە ( واتە ئەوانەی کە دژی دەوڵەتی ئیسلامی بوون). هێندەی پێنەچوو کە تێگەیشتم ناتوانم کرێی خانوو و پارەی بەخێوکردنی مناڵەکەم دابین بکەم.

هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات کە ڕۆژێک ببمە شایەتی هەژاربوونی خۆم. ئاخر کارمەند بووم و چاوەڕوانی ئەوەم لێدەکرا کە بتوانم خۆم بەڕێوە ببەم. مانگانەم هەبوو، دەبووا بتوانم خۆم بەڕێوە ببەم. هەرچەندە زۆر بە وریایی ئاگاداری شت کڕین و خواردن لێنان بووم، بەڵام زۆربەی جار شەوانە بە برسێتی سەرم دەنایەوە. تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە داوای یارمەتی لە ماڵی خەزورانم بکەم. دیارە ژیان وەکو دایکێکی تەنیا, مەترسیدار بوو. هێزەکانی ئاسایش دەیانزانی کە لەناو شاردا ژنە پێشمەرگەیەکی زۆر بەجێماون. ئێمەیش نیشانێکی باش بووین بۆ ئەوان. تەنانەت هاوسێ، خزم و کەس وهاوڕێ دەکرا بە دژی تۆ گۆڕابن. لە ترسی درژانگی ئەنجامی خراپ لە لایەن ئەرتەش و ناوەندە دەوڵەتییەکان هیچ کەسێک ئامادە نەبوو دالدەم بدات. شتێک کە پتر ئازاری دەدام، ئەو چاوەڕوانییە بوو کە دەوروبەر لە منیان هەبوو. ئەمە ڕێکخراوە سیاسیەکەی مێردەکەیشم دەگرێتەوە؛ کە من جارێکی دی ببمەوە هێمای بەردەوامبوونی بەرەنگاری. لەلایەن مێردەکەمەوە پەیامی نهێنیم بۆ دەهات کە هانی دەدام لە شار بمێنمەوە و ڕێنمایی

چۆنیەتی پەیوەندیکردن و لەگەڵ کێدا دەکردم. پاش چەند هەفتەیەک و دوای وردە وردە ئارامتر و سەقامگیر بوونی بارودۆخ، فێرگەکان بۆ پشووی هاوین داخران و منیش شارم بە جێهێشت بۆ ئەوەی بۆ ماوەی چەند مانگێک لە لای دایکوباوکم بمێنمەوە. بەهەرحاڵ، لە لایەن هێزەکانی ئاسایشەوە ئاگادار کرامەوە کە پێویستە لە شاردا بم بۆ خۆئامادەکردنی وانەگووتنەوە. بە هۆی شەڕەوە ساڵێکی خوێندن بە فیڕۆ چوو بوو، دەوڵەتیش دەیویست بۆ قەرەبووکردنی ئەو زەرەرە زووتر فێرگەکان بکاتەوە.

خولی یەکەمی لێکۆڵینەوە دوورودرێژەکەی ئاسایشم تێپەڕاند. دەبووا ڕاپۆرتێکی نوسراویان پێشکەش بکەم لەبارەی چالاکییەکانم لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشەوە و لەبارەی هەموو ئەو خەڵکانەی کە دەمناسین و لە بیرمدا بوون. ئەمە یەکەم هەنگاوی پرۆسەیەکی درێژی لێکۆڵینەوە بوو لەگەڵم. ئەوان بۆ ماوەیەک داوایان لێکردم کە ڕاپۆرتی ڕۆژانە بنووسم و ئیمزای کەم و پاش تەواوبوونی وانەکان بیدەمە سەربازگەی سەر کۆلانەکەمان. ئەم کارەم زۆر پێ دژوار بوو، چونکە دەبووا داوام لە کەسێک کردبا ئاگای لە کوڕەکەم بێت.چەند جارێک بۆ ئیدارەی ئاسایش بۆ لێکۆڵینەوە بانگکرام. دەیانویست لە بارەی حەشارگەی پێشمەرگەکان زانیاریان بدەمێ. پێیان وابوو وەکو ژنی پێشمەرگەیەک دەبێت پەیوەندیمان لەگەڵ پێشمەرگەکاندا هەبێت. لە لایەن ئەوانەوە دارکاری و ئەشکەنجە درام، بەڵام هیچ زانیارییەکم پێنەبوو. ئەوانیش نەیاندەتوانی باوەڕ بکەن کە پەیوەندیم لەگەڵ پێشمەرگەکاندا نییە. ڕۆژێکیان منیان لەگەڵ ژنێکدا ڕووبەڕوو کردەوە کە مێردەکەم پێی گووتبووم متمانەی پێبکەم و پەیوەندیم لەگەڵیدا هەبێت. ئەو ژنە بە هێزەکانی ئاسایشی گووتبوو کە من پەیامی نهێنیم پێگەیشتووە. دەبینی کاتێک پیاوان شاریان بەجێهێشت، لەوە تێنەگەیشتن کە هەندێک لە لایەنگرەکانیان بۆچوونی خۆیانیان گۆڕیوە و پەیوەندییان بە دوژمنەوە کردووە. پێش تەواوبوونی ساڵی خوێندن، پەیامێکم پێگەیشت کە لە هەموو پلەیەکی وانەگووتنەوە لە هەموو ئێراندا دەرکراوم و شانسی کارم لە هیچ دەزگایەکی دەوڵەتی نابێت. ڕووخام. نەمدەزانی ڕوو لە کوێ بکەم و بۆ کوێ بچم. هەر لەبەر ئەوە بڕیارم دا ڕوو لە شاخ بکەم.

ژیانی زوحەل لە چیاو لە ناو کەمپی یەکێک لە ڕێکخراوە سیاسییەکان( کۆمەڵە) بازنەیەکی نوێی پڕ لە توندوتیژی لە ژیانی ئەودا کردەوە. ئەمجارەیان توندوتیژییەکە زێتر ناوەکی-خۆماڵی بوو. پاش ٣ یا ٤ ساڵ جودابوونەوە(بەتەواوی

لە بیری نەمابوو)، خۆی و کوڕەکەی دیسانەوە چوونەوە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسی مێردەکەی. بۆ مێردەکەی زەحمەت بوو خۆی لەگەڵ ئەمان و بە تایبەتی کوڕەکەی بگونجێنێت. زوحەل دێتەوە یادی کە چۆن کوڕەکەی بە بەردەوامی لە ژێر چاودێری باوکیدا بوو. وەڵامی هەر جوڵەیەکی هەڵە، دەنگەدەنگێک، یاخود داخوازییەک شەپازللەیەکی باوکی بوو. ئەمە زوحەلی بە شێوەیەکی قووڵ غەمبارکرد کە بوو بە هۆی دوورکەوتنەوەی زێتری لە مێردەکەی. ئەو دوورکەوتنەوە تا رادەیەک بوو وەکو خۆی دەگێڕێتەوە:" هەر پەیوەندییەکی جنسی مەحاڵ بوو بۆ من و ئەمەیش ئەوی شێتگیر دەکرد."

دژواری ژیانی ناو کەمپ بۆ کوڕەکەی، زوحەلی ناچار کرد کە بە پێشنیازی رێکخراوە سیاسییەکە قایل بێت؛ ناردنەوەی منداڵەکان بۆ ناو کەسوکاریان لەناو شاردا بە هۆی کەمی ئازوقە و هاتنی زستان. زوحەل بە گریانەوە دیمەنی دەرکردنی کوڕەکەی لە باوەشی دێنێتەوە یاد: " چەند رۆژێک پێش رۆیشتنی قسەم لەگەڵ دەکرد. باسی ئەو کاتە خۆشانەی کە لەگەڵ خوشک و براکانمدا رابواردبوو دەکرد کە لەیستۆکی بۆ دەکرن. ئەو دەیەویست بزانێت چی بەسەر مندا دێت. پێموت منیش بە زووترین کات دێم بۆ لات" منداڵەکان لەگەڵ ژنە بەتەمەنەکاندا (دایکی پێشمەرگەکان) رەوانەی شار کران. چونکە ئەوان دڵنیاتر بوون و کەمتر لە لایەن پاسەوان و سەربازەکانەوە ئازار دەدران. زوحەل پاشتر بیستی کە چۆن کوڕەکەی بە درێژایی رێگەکە دەگریا و داوای دایکی دەکرد. نەبوونی کوڕەکەی لە کەمپەکەدا، ژیانی زوحەلی ناهەموارتر کرد.

زوحەل دەڵێ:" ئەشکەنجەیەکی دەروونی تەحەمول نەکراو بوو. تا بە تەواوی بڕیارمدا ئەوێ بەجێبهێڵم. ئەم بڕیارە مێردەکەمی یەکجار تووڕە کرد. بەڵام من بیری خۆمم کردبووەوە و کەمپەکەم بەجێهێشت. گەڕامەوە ناوشار و خۆمم دا بەدەستەوە. هەوڵمدا راستییەکانی خۆم بۆ هێزی ئاسایش بگێڕمەوە. هێشتاش دەمویست پارێزگاری لە رێکخراوە سیاسییەکە بکەم. بەوانم گووت کە لە شاخ بووم، بەڵام بڕیارمداوە لە مێردەکەم جیا ببمەوە و منداڵەکەم بەخێو بکەم. ئەمە راستییەکە بوو. ئەوان تا رادەی کوشتن لێیان دام بۆ ئەوەی زانیاری وەرگرن. من هیچ زانیارییەکم لا نەبوو. پاش چەند رۆژێک ئەشکەنجە، بۆ ئەوانیش دەرکەوت کە خۆیان لە من زێتر

زانیارییان لەبارەی کەمپەکەوە هەیە. بەو شێوەیە ئازادییان کردم."

زوحـەل پاشـتر لـەگـەڵ کـوڕەکـەی یـەکیگرتـەوە و کـاری ڕەشـی دەکـرد بـۆ مـاوەی حـەوت سـاڵ کـە مێـردەکـەی یارمـەتی دا بۆ ئەوەی وڵات بەجێبهێڵێت. ئەو هەرگیز لەلای مێردەکەی نەمایەوە و ئەمەیشی کردە مەرجێک بۆ قەبووڵکردنی یارمـەتی مێـردەکـەی. کاتێک گـەیشتینە کۆتایی گفتکۆیەکی دە کاتژمێری، زوحەل دەسـتیکردە گریـان. بـە چپـەوە گـووتی:" ئـەمـە ژیـانی مـن بـوو. ژیـانێکی لـە دەسـتچوو. تـەماشـام بکە؛ کوڕەکـەم لە بـاری سـۆزە وە ناتـەواو و پێویستی بە منە. من خەریکە دەبمە پەنجا ساڵ، تەنیا و بێ هیوا."

چیرۆکـی ژیـانی زوحـەل بـاس لـەو پەیوەندییە کێشەدار و دوو لایەنەی نێوان تونـدوتیژی نـاوەکـی و دەرەکـی دەکـات. هەرچەندە هەر چیرۆکی ژیانێک بۆ خۆی تاقانە و تایبەتە، بەڵام بەسەرهاتی زوحەل وەکو بەشێکی تەواوکەری ژیانی ژنانی کوردە. وەکو پێشتر باسمکرد چیرۆکی زوحەلم بۆیە هەڵبژارد، لەبەر پەیوەندی خۆم لەگەڵ کات و شوێنی بەسەرهاتەکە. هەرچەند ژنانی دی کە بەشدارییان کرد لە لێکۆڵینەوەکەمدا دەتوانن بە ئاسانی ئەزمونەکانی خۆیانی تێدا ببینەوە. بۆ نموونـــە ناهیـــد، باســـی فراوانـــی سەرچاوەکانی ستەم دەکات. لەتەمەنی سێزدە ساڵیدا دایکی مرد و ئەمیش وەکو کچی گەورەی خێزانەکەی هەر زۆر زوو دەوری دایکانەی پێسپێردرا. ناهید داوای لـە بـاوکی کـرد ڕێگـەی خوێنـدنی بـدات، بەڵام تەنیا پاش میانجیگەری ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی باوکی ڕێگەی دا. ناهید بـوو بـە مامۆسـتایەکی خۆشـەویـست و بـاوەڕ پێکـراو و دایکێـک بـۆ خوشـک و براکانی. ئەو ئێستاش هەمان ڕۆڵی هەیە و درێـژە دەدات بە بـەڕێوەبردنـی هـەمـوو خێزانـەکـەی لـە تاراوگـە. لـەسـەردەمـی شـەڕدا چـەند جارێک بەند و ئەشکەنجە درا. خـۆی دەڵێـت:" نـە لـەبـەر ئـەوەی تـاوانێکم کردبێت بەڵکـو لـەبـەر ئـەوەی خوشک/ دایکی براکەم بووم."

بەرهەڵستکاری نەتەوەیی تێکەڵاوی پەیوەندییە باوکسالارییەکان بووە. بە هۆی بەسەربازکردنی ژنان بۆ شەڕ بۆ "ئازادکردنی" میللەت، ژنانی لە حەساری ناو ماڵ بۆ ناو ژیانی گشتی هێنایە دەرێ. لەم پرۆسەدا، ژنان پەیوەندییان کرد بە چـین و دەسـتەی جیـاوازی ڕێکخـراوە سیاسییەکان، گروپی ژنانیان دامەزراند، گۆڤاریـان بڵاوکـردەوە، هـەروا دەسـتیانکـردە هوشـیاربوونەوەی کۆمـەڵایـەتی لـەبـارەی نایـەکسانی

پەیوەندییەکانی نێوان نێر و مێ. هەرچەندە بزاڤە نەتەوەییەکان بە گشتی بناغەکەی لەسەر فەرمانی باوکسالارییە. لە کوردستانی عێراقدا، بۆ نموونە، هەندێک لە ڕێبەرە نەتەوەپەرستەکان دابونەریتی ئیسلامی، فیوداڵی و خێڵەکی لە پەیوەندییەکانی نێوان نێر و مێدا بە بەشێک لە فەرهەنگی میللی دەزانن. بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە بزوتنەوە نەتەوەییەکانی دی بە درندەیی پاڵەپەستۆی نەتەوەیی، فیوداڵی و خێڵەکی جودا دەکرێتەوە. پیلانی ڕەسمیی کۆمەڵکوژی، نەژادکوژی، زمانکوژی هەق دەداتە نەتەوەپەرستەکان کە بەرهەڵستکارییەکەیان تەنیا لە ئازادکردنی نەتەوەدا خولاسە بکەنەوە.

لە هەلومەرجی پێکدادانی چەکداریی دژی میللەت- دەوڵەت دا ڕێکخراوە نەتەوەییەکان پشت دەبەستنە پەیوەندی باوکسالاری ناو خێزانەکان. بۆ نمونە؛ پشت بەستن بە سیستەمی خێزانی گەورە بۆ وەرگرتنی پشتیوانی. کاتێک کوڕەکە دوورە و لە شاخە، ژنەکەی مولکی خێزانی کوڕەکەیە. ژنەکە لە ژێر چاودێری ماڵی خەزوریدایە. بەهەرحاڵ لەکاتی نەبوونی کوڕەکە، پایەی خانمیی بووک بۆ کارەکەری یا بارمتەیی دێتە خوارەوە. لەباشترین حاڵەتدا وەکو بێگانە، ئەرک و تەنانەت دوژمنێک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. هەندێک لەو ژنانەی گفتوگۆم لەگەڵ کردوون، ماڵی خەزوریان بە گرتوخانەیەک دەچوێنن. ئەوان لە ڕووی فیزیکییەوە لە کونی ماڵەوە بەندی کرابوون. خواردن و پارەی پێویستییە سەرەتاییەکانیان کەم و بە تەواوی لە ژێر کۆنترۆڵدا بوو. وەکو "بوک" شەرەفی خێزانەکە بوون و هاوکات دەربەدەر بوون و دەبووا لە چاوی هێزەکانی ئاسایش بشاردرێنەوە. هەموو ئەوانە بە واتای کۆنترۆڵ، گوشار و گیرۆدەییەکی پتر بوو.

تۆڵە لەو فەرهەنگانەی دژە ژنن بەرهەمێکی دیکەی شەڕە. ئەو ژنانەی کە لەناوچەی بندەستی دوژمندا دەمێننەوە، لە کاتێکدا کە مێردەکانیان لە دەرەوەی ئەو ناوچانەن، دەبنە نیشانێک بۆ هێزە زۆردارەکانی دەوڵەت. تۆڵەی دەوڵەت لایەنێکی ژێندەری بەخۆوە دەگرێت تا ئەو دەمەی کە ساختاری دەوڵەت، دەسەڵات و یاسا و هێزی سەربازی و ژیانی تایبەتی و هەروەها فەرهەنگی سیاسی شێوازە بیرکردنەوەیەکی دژە ژنی هەبێت. توندوتیژی باوکسالارانە لە کۆمەڵی کوردیدا بوونی هەیە و سەربەخۆ لە میللەت- دەوڵەت کار دەکات. ئەمانە زۆر بە ڕاشکاوی لە بڵاوبوونەوەی کوشتنی

نامووسی لەو ناوچە کەم تا زۆر ئازادەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا کە لە ساڵی ١٩٩٢ دامەزرا، بەر چاوە و دەبینرێت. بە هەرحاڵ باوکسالاری کوردی و میللەت-دەوڵەت هێز دەدەنە یەکدی، وەکو ئەوەی کە ئەوان پەیوەندییەکی سیمبۆلیکیان هەبێت پێکەوە. بۆ نمونە؛ بۆ سزادانی ژن، دەوڵەت جەخت دەکاتە سەر پەیوەندییە باوکسالارییەکانی "شەرەف" و "شەرم". ژنێک گووتی:"ناخۆشترین سزا بۆ من چوونە بنکەی سەربازی سەرکۆلانەکەمان بوو. بڵاوبوونەوەی دەنگۆی کە دەست درێژی کرابێتە سەرم یا لەڕووی جنسییەوە ئازار درابێتم بەس بوو بۆ لەکەدار بوونی ئابڕووم. ئەرتەش مامەڵەمی وەکو (ژنێکی لەبەردەست، ژنێکی بێ پیاو کە پێویستی بە پارێزگاری ئەوانە) دەکرد". لەکاتی شەڕی کۆمەڵکوژی عێراق کە بە ئەنفال ناسراوە، هەزاران ژنی کورد لە لایەن هێزە سەربازییەکانی عێراقییەوە بۆ مەبەستی سوکایەتی کردن گیران. کاتێک هەندێک لەو ژنانە پاش شکستی سەددام حوسەین لە شەڕی کەنداودا گەڕانەوە بۆ کوردستان. ئەوان بوونە مایەی "شەرم" ی خێزان و میللەتەکەیان. هەواڵی کوشتنی ئەوان لە لایەن ئەندامانی خێزان یاخود هاوڕێی خێزانیانەوە بە زۆری بەرگوێ دەکەوێت.

ئێمە تازە دەستمان کردووە بە تێگەیشتن لە مەودای توندوتیژی باوکسالارانەی دژی ژنان لە کاتی شەڕ و ئاشتیدا. لە ڕووی جیهان بینیەوە کە بنەماکەی لەسەر نایەکسانی پەیوەندی ژێندەرییەوە دامەزراوە، شەڕ دەبێتە بنەمایەک بۆ توندوتیژی باوکسالارانە. ئەمە شتێکی گەلێک ڕوونە کە ژنانی دوژمن موڵکی شەڕخوازانە. ئەم توندوتیژیە دڕندانە سیمایەکی کراوەی هەموو شەڕەکانە. لە کاتێکدا کە ئێمە هێشتا پێویستە زۆرتر لەبارەیەوە بزانین، ڕووە شاراوەکەی شەڕی ناوەکی بارێکی قورس دخاتە سەر ژن لەم جیهانە بە شەڕ ئاخنراوە. لە ڕوانگەی ئەو ژنانەی کە من گفتوگۆم لەگەڵ کردوون" توندوتیژی شەڕی ناوەکی کاولکەرتر بووە لە دڕندەیی شەری دەرەکی. ئاسانتر بووە کە بەرەنگاری دوژمنی دەرەکی بکەیت تا ڕووبەڕووی دوژمنی ناوخۆیی."